# هەڵەبجە. کۆستی هەمیشە زیندوو

**ناسر ئەمینژاد**

ئەم ڕۆژانە دروست ١٩ ساڵ بەسەر کارەسات و ڕووداوی دڵتەزێنی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێ. ١٩ ساڵ لەوە پێش لەو ڕۆژانەیدا کە بەرگی ڕازاوەی بەهار سروشتی خەملاندبوو، ڕژیمی بەعسی ئەفلەقی بە بەرچاوی هەموو دنیاوە گشت ڕق و کیماوی دەروونی خۆی هەڵێنایەوە و بە کوشندەترین و دژی ئینسانیترین چەکەکانی سەردەم کەوتە جەستەی داهێزراوی هەڵەبجە.

١٦ی مارسی ١٩٨٨ چڵەپۆپەی هەموو ئەو درندایەتییە جەرگبڕانە بووە کە بەسەر هەڵەبجەدا هاتووە، دەنا ئەم شارە لە مێژووی دوور و نزیکیدا دەیان جار و لەوانە لە ساڵەکانی ١٩٧٤ و ١٩٧٨شدا کەوتۆتە بەر لافاوی خەستی بوردمان و هێرشی درندانەی دەسەڵاتدارانی هەر ئەو ڕژیمەخوێنخۆرە و زامار ماوەتەوە. بەڵام ١٦ی مارس سەربردەیەکی دیکەیە، ڕووداوێکی کەم وێنەیە، نەک هەر لە مێژووی پرکارەساتی خەباتی خۆڕاگرانەی خەڵکی کوردستان، بەڵکو لە هەموو دنیاشدا.

هەڵەبجە لەو ڕۆژەدا بە پێچەوانەی هیرۆشیما و ناکازاکی نەک لە لایەن وڵات و دوژمنێکی دەرەکی، بەڵکو لە لایەن هەر ئەو دەوڵەتەی کە دەسەڵاتی سیاسی ئیداری بەسەریەوە هەبوو کەوتە بەر پەلاماری درندانە و بە چەکی قەدەغە و کۆمەڵکوژیی شیمیائی لێدرا. لەم ڕۆژەدا و لەم فەرتەنەیەدا پەیکی مەرگڤران و ڕاسپاردەی شەر چەندانجار دەستئاوەڵانە لە شەقەی باڵیان دا و ئاسمانی کشوماتی ئەو دەوەرەیان بڕی تا هەناسەی شارێک ببڕن، تا زەردەخەنە بەسەر لێوەکانەوە قەتیس بکەن. وە بەمجۆرە بوو کە سوارە گوتەنی "زەردە کەوتە لێوی ناسکی پێنج هەزار سوورە گوڵ، یان پێنج هەزار گوڵ بەدەم شنەی شەماڵەوە بزەیان بزووت" دەیان هەزاریش لە جێی خۆیان هەڵکەندران تا لە پەڕیوەییدا بەدەم ئازارەوە بتلێنەوە.

کارەساتی هەڵەبجە هێندە گەورە و تەشەنە ساندووە کە تا سەردەمانێکی دوور موچڕکە و شەوپۆلەکانی لە جەستەی مرۆڤایرتیدا بەردەوام لە گەڕاندا دەبێ. ئەمە نەک زامێکی سەر بەمۆر بەڵکو وەک برینێکی سەرئاوەڵە لەسەر جەستەی مرۆڤایەتییە و بەم ڕووداوە لاپەڕەیەکی نگریس و ڕەشی دیکە بە دەفتەری بێبەزەییەتی و داپڵۆساندن ـ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ـ زیادکرا.

دەبێ ئەم ڕووداوە نەک لە پەراوێز، بەڵکو لەناو چەقی مێژوودا، بۆ پێدا چوونەوە و هەڵکۆڵینی هەمە لایەنی و هەمیشەییدا بمێنێتەوە. ئەمە پەڵەیەکی شەرمە و لەسەر شانی دەسەڵاتدارانی دنیایە. نابێ ڕێگا بدرێ خولقێنەرانی کارەساتی هەڵەبجە لەبەر زەبری گورزی مێژوو خۆ دەرباز بکەن. دەبێ هەموو هەوڵەکان بخرێتە گەڕ بۆ دەرخستنی هەرچی زۆرتر و زیاتری ڕووی شاراوەی ئەم کارەساتە. دەبێ ڕاستییەکانی ئەم مەرگەساتە و شوینەوارەکانی بە ڕووی بیروڕای گشتی دنیادا بتەقێندرێتەوە، تا دووپاتە و چەندپاتەکردنەوەی تراژدیای هەڵەبجە بۆ دەسەڵاتداران و خوێنڕێژانی دنیا هەروا حاسان نەبێت.

هەر لەم پێوەندییەدا و لەم بەسەرکردنەوە کورتەدا ئیشارە بە چەند خاڵێکی سەرەکی و جێگای تێڕامان دەکەم کە پێموایە هەرکامەیان بە پێی قورساییەک کە هەیەتی دەوریان لە نانەوەی ئەو کارەساتەدا گێڕاوە. گومانم نیە کە ئەمانە جێگای دیار و نەگۆڕیان لە هەر لێکدان و شیکردنەوەیەکی ڕاستەقینەی کارەساتی هەڵەبجەدا دەبێ و شوێنی دیاری خۆیان هەیە.

١. ئەزمونی ژیانی سیاسی و دەسەڵاتداریەتی سی و ئەوەندە ساڵەی بەعس بە ئاشکرا نیشانی داوە کە ئەم ڕژیمە دەستی پێشینەکانی خۆی لە خولقاندنی جینایەت و زەبروزەنگدا لە پشتەوە بەستووە. ئەم مروڤکوژانە لەپێناو بەرژەوەند و دەسەڵاتی خۆیاندا شێتانە کاری وایان کردووە کە تەنیا لەگەڵ ئاکار و کرداری دژمرۆڤانەی

جینایەتکارانی گەورەی مێژوودا شیاوی بەراوردکردن و هەڵسەنگاندنە. خولقاندن و سازکردنی "ارض‌المحرمە" و " ئەنفال" نمونەی ئاکاری خولقێنەرانی هەڵەبجەیە. بێ‌شک دەوری درندانەی ئەم رژیمە هەرگیز نابی و ناشی لەیادبکرێ.

٢. نەخش و دەوری زلهێزەکان و بەگشتی سەرمایەداری جیهانی و سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها دەوری خراپ و تەفرەدەرانەی دەوڵەتانی ئەمریکا، ، ئاڵمان، فەرانسە و هولەند هەرگیز نابێ لە یاد بکرێ. ئەمانە بە سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی خۆیان ئاگری شەڕیان خۆش کرد، دنەی هەردوک لایان دەدا و دەستی "یارمەتییان" بۆ هەردووک لا درێژ دەکرد. ئەمانە دەیانەویست لەم ڕێگایەوە بازاری چەکوچۆڵەکانیان گەرم راگرن و گیرفانی کۆنسێرن و کومپانیاکانیان پڕ بکەن. ئەمانە خەنی بوون بە دوو وڵاتی کاولی داهێزراو کە سبەی رۆژ بە کەیفی خۆیان هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا بکەن و بە بێ گرێ و گێچەڵ سیاسەتی ستراتیژیکی خۆیان لە ناوچەکەدا ببەنە پێشەوە و قازانجێ هەزاران میلیارد دولاری پرۆژەی سازکردنەوەی دوو وڵاتی داروخاو بچننەوە. ئەمانە هەڵسوکەوتێکی لەیاد نەچون کە بەر لە هەر شت سیاسەتی قازانجپەرستانەی ئاوسارپساو و رەفتاری ریاکارانەی دنیای پەستی سەرمایەداری نیشان دەدات.

هەر لە پێوەندییەدا بەتایبەت نابێ ڕێگا بدرێ تۆزی تێپەڕبوونی زەمان نەخش و دەوری کۆمپانیاکانی وڵاتانی ئەمریکا و ئاڵمان و هولەند لە فرۆشتنی چەکوچۆڵی بەناو قەدەغەکراوی شیمیایی و تەفروتوناکار بە هەر دوو لایەنی شەر کوێر بکاتەوە. ئەمرۆ گەلێک زانیاری زیاتر لەم بابەتەوە لەبەر دەست دان، دەبێ بە توندوتۆڵی لە هەموو بارێکەوە پێوشوێنی بگیردرێ. ئەمە دەتوانێ هەنگاوێکی بە نرخ بێت بۆ لەقاودانی هەرچی زۆرتری بازرگانانی شەر، هەروەها هەنگاوێکیشە بۆ ئەستاندنەوە و قەرەبوکردنەوەی زەرەروزیانەکانی قوربانییەکانی کارەساتی هەڵەبجە و دەربازبووانی ئەم تراژدییە.

٣. لە کارەساتی هەڵەبجەدا ناکرێ و نابێ نەخشی ریاکارانە و درۆزنانەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە یاد بکرێ. ئەم کۆنەپەرستانە بە ئانقەست و بە دانستە شەڕیان کێش کردە ناوچەکانی کوردستان کە هیچ گرینگیی ستراتیژیکی شەریی تێدا نەبوو. ئەمانە دەیانەویست لە ڕێگای کردنەوەی بەرەیەکی شەڕ و فراژۆ کردنەوەی لە کوردستان لە لایەک بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە ئێران وەتەنگانە بخەن و بە قەولی خۆیان خاشەی ببڕن، لە لایەکی دیکەش دەیانەویست بارودۆخی نەفرەت و ناڕەزایەتی گشتی و جەماوەری لە کوردستانی ئێراق دژ بە حکومەتی بەعس بقۆزنەوە و لە پێناو هیستریای دەسەڵاتی ئاوسارپساویان کەڵکی لێوەربگرن.

لەو بارودۆخەدا سەرکردە و فەرماندە بەزیوەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەڵپەی ئەوەدا بوون لەم ناوچانە چەند پێشڕەوییەک بکەن و بە نیشاندانی چەند تەپک و گوند و شارۆچکەیەکی دەست بەسەراگیراوی کوردستان ورەی داڕووخاوی هێزە بەزیوەکانیانی پێ بەرنەسەر و تەنوری خۆراکێکی تەبلیغاتی پێ تاوبدەن. ئەمەش بکەنە وڵامێک لەبەرامبەر موشەک بارانەکانی ئێراق بۆسەر دوڕگە نەوتییەکانی ئیران کە پرزەیان لە دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی بڕی بوو.

ئەمانە بەمجۆرە و بەدانستە کوردستانیان کردە نیشانەی تیری ژاراوی خۆیان و کوردستانیان بەو دەردەبرد کە هەڵەبجەی لێکەوتەوە. نابێ ڕێگا بدرێ فریوکارانی کۆماری ئیسلامی لەبابەت باسی هەڵەبجەدا بە دەمامکی مەزلومنوێنی و فرمێسکی درۆزنانە بیچمی دزێوی خۆیان لە کۆمەڵانی خەک بشارنەوە.

٤. لە هەر لێکدانەوە و دەست‌نیشانکردنێکی هۆکارەکانی کارەساتی هەڵەبجەدا، ناکرێ ئیشارە بە دەری خراپ و ناوردبینانەی بەرەی کوردستانیش نەکرێ. بەرەیەک کە لەژێر دەستی قەرارگای هەمزە و رەمەزان لە رومێ سازکرابوو. ئەمانە لەم گەمەیەدا زۆر زەلیلانە و ناتێگەیشتوانە بوونە داردستی مافیای شەر لە ئێران و نەخشی

چاوساغانەیان گێڕا لە پەلکێشکردنی سپای ئیمامی زەمان بۆسەر کوردستان. ئەمانە چاوبەستانە و زەلیلانە کۆمەڵانی کوردستانیان بەرەو هەڵدێری تیوەگلان لە شەرێکی کۆنەپەرستانەی نێوان دوو وڵاتدا راکێش کرد. شەڕێک کە هیچ پێوەندییەکی بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردەوە نەبوو، وە نەیدەتوانی هیچ قازانجێکی بۆ ئەم کۆمەڵگایە هەبێ، جگە لەماڵکاولی و قەومانی کارەساتی وەک هەڵەبجە. ئەمانە خەڵکی شاریان کردە لەمپەڕێک بۆ پاراستنی خۆیان و جەیشی ئیسلام. رەفتار و کرداری ئەم سەرکردانەی کوردایەتی لەپاش بەناو ئازادکردنی هەڵەبجە لەو شارە و لەتەنگاو خستنی خەڵکی ئەو شارە و بە زۆر هێڵانەوەیان لە ناو شار زۆرتر لە گەمەی "دایە مەمدە بە گورگێ" دەچوو هەتا سیاسەتێکی وردی بەرچاوروونانە. هەر لەم پێوەندییەشدا پێویستە بەتایبەت ئیشارە بە دەوری خراپ و دزێوی "بزوتنەوەی ئیسلامی" داردەستی کۆماری ئیسلامی لە رووداوەکانی هەڵەبجەدا بکرێ. مەلا گچکە و گەورەکانی ئەم جەماعەتە بۆ پەلکێشکردنی هەرچی زیاتری خەڵکی هەڵەبجە بۆ ناو تەنوری شەڕی سەروماڵی و لاگری لە ئێران چی نەما کە نەیکەن.

ئەمڕۆ ئەگەرچی دەستی تاوانی خولقێنەرانی هەڵەبجە لە گۆ کەوتوە و داموەزگای زوڵم و زۆرداری بەعسییەکان تێکرووخاوە، ئەگەرچی زلهێزەکانی بەرەی کوردستانی ئەودەم ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی، ئیداریی کوردستان و هەڵەبجەیان بەدەستەوەیە، بەڵام مخابن هێشتا کۆستی هەڵەبجە و ئازارەکانی هەروا بەردەوامە. هیشتا ئەوجۆری کە پێویستە ئاورێکی ئەوتۆ لە هەڵەبجە و ئازارەکانی نەدراوەتەوە. مخابن ئەمڕۆ گەندەڵی ئیداری و رفێنی رفێنی بەرپرسان و داموەزگای زەبەلاح و بوروکراتیک و هیچ لێنەهاتووی دەسەڵاتدار بەسەر کوردستاندا دەرفەتی بۆ پێراگەیشتن بە ئازارەکانی دەیان ساڵەی خەڵکی مەینەت دیتوی کوردستان بە گشتی و خەڵکی هەڵەبجە بەتایبەتی نەهێشتۆتەوە و برینەکانی ئەنفال بێ سارێژ ماوەتەوە.

جێگای سەرنج و دەرس لێوەرگرتنە کە یەکەم نارەزایەتی بەرینی ئەم ساڵانەی پاش روخانی دەسەڵاتی بەعس لە هەڵەبجە و لە گەرمیان سەری هەڵدا. هیچ گومان لەوەدا نیە کە دەستی تیکدەرانە لە شێواندنی بارودۆخەکەدا هەیە، بەڵام نابێ هیچ لەوش گومان بکرێ کە کەمتەرخەمی و نابەرپرسیارەتی بەرێوەبەرانی ئیدارەی کوردستان و رووکاری تاڵی ژیانی راستەقینەی کۆمەڵانی مەینەت دیتوش وەک هۆکارێکی عەینی و بڕیاردەر لە گۆڕێدا هەیە و گوێ پێنەدانیشی دەتوانی ئەمڕۆ یان سبەی سەرینی ئەرخەیانیی نابەجێی "بەرپرسەکان" لە ژێر سەریان دەربێنێ. رەنگە مەیدانی تەراتێنیش بۆ کەسانێک خۆش ببێ کە ژیانێکی تاریکی سەدەکانی ناوەراستیان لە بن سەردایە. تۆ بڵێی بە کارزانی و ورد بینی بەر بەم هەڵە کوشەندە مێژووئیە بگیردرێ؟